# یەکیتی و پارتی بەهیچ جۆریك بەرامبەر بەخۆیان ریگە بەبەدیلیك نادەن!

گفت و گۆی بلاوکراوەی "کوردستان پۆست لەگەل ئاسۆ کەمال سەبارەت بەمەسەلەی "ئۆپۆزسیۆن"لەکوردستان

پ. ئەو هۆکارانە چین کە وایانکردووە لە کوردستاندا لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن دروست نەبێت؟

و/ سەرەتا لەسەر پێناسەی ئۆپۆزسیۆن قسەیەك بکەم. لەکوردستان دەولەتیك و حکومەتیکی جێگیر نیە تاکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆنیش هەبێت بیەوێ ئەو دەسەلاتە بگۆرێ. بۆ نمونە وەك حکومەتی بەریتانیا کە دەسەلات بەدەست حزبی کریکارانە و حزبی محافزین یان لیبرال دیموکرات حزبی ئۆپۆزسیۆن بن. پێناسەی ئۆپۆزسیۆن وەك پێناسەی حکومەت لە کوردستان جیاوازە.

لە کوردستان هێزی ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر هەردوو حیزبەکە هەبوو بەرامبەر بە دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی. هەر لە 91 ەوە بزوتنەوەی شورایی لە بەرامبەر بەرەی کوردستانیدا خۆی دەبینییەوە، کە ئەوانە ئەحزابی تەقلیدی بوون، هەربۆیە ئەوە ڕاست نییە کەلە کوردستاندا هیچ کات ئەم ئۆپۆزسیۆنە نەبووبێت. دواتریش ئێمە وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارانی عێراق ئۆپۆزسیۆن بووین بەرامبەر بە دەستەڵاتی یەکێتی و پارتیش.

بەڵام گەر باس لەو نەبونی ئۆپۆزسیۆنە بکەین کە وەك هێزێك بەردەوام لە کوردستاندا لەبەرامبەر دەسەلاتدا مابێتەوە و داوای گۆرینی حکومەت بکات ، ئەوە هۆکارەکەی ئەوەیە کە هێشتا دەوڵەتێك نەبوە کە شوێنی دەساودەسکردنی دەسەڵات بێ و سیستەمێکی حوکمڕانی نەبووە کە لەسەر بنەمای تداولی سلمی دەسەلات دامەزرابێ. تاوەکو هێزێکی ئۆپۆزسیۆن هەبێت وبیەوێ ئەو دەسەڵاتەی کە هەیە بگۆڕێت. تاکو قالبی دەسەلات بەو شێوەیە نەبێت کە 15 ساڵە دوو حزبی چەکدار دەسەلاتدارن و ئۆپۆزسیۆن نیە .ئەوەی کە هەبووە دەسەڵاتێکی دیفاکتۆ بووە واتە دەسەلاتی حزبێکی چەکدار لەم ناوچەیە و حزبێکی چەکداریتر لەو ناوچەیە . لەسایەی دەسەلاتە میلیشیایەدا مانایەك بۆ ئۆپۆزسیۆن بوون و مانایەك تەداولی سلمیانەی دەسەڵات لە نێوان ئەم حزبە چەکدارانە و ئۆپۆزسیۆنەکانیاندانەبووە . بەڵام بەردەوام ئۆپۆزسیۆنێك هەبووە بەرامبەر بە دەسەڵاتو سیاسەتی ئەم حزبە دەسەلاتدارانە . لەم نەوعە لە ئۆپۆزسیۆن هەبووە لە کوردستان تەنانەت ئێمە ساڵی 1993وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دامەزراین لەبەر ئەوەی ئەم هەڵوێستە ئۆپۆزسیۆنی هەبوو تا ئێستا کە ساڵی(2006)ە مۆڵەتیان نەداوینەتیٚ. ئەم هێزە ئۆپۆزسیۆنانە هەبوون لە کوردستاندا، بەڵام لە کاتێکدا کە دەوڵەت نییەو سیستمێکی پلورا لیرستی نیەو فرەلایەنی تیایدا بوونی نییە تاوەکو ڕەخنە لە بەرامبەرەکەی قبوڵ بکات، ئۆپۆزسیۆن قبوڵ بکات، سیستمێکی دەسبەسکردنی دەسەڵات پاشکۆی سیستمی پەرلەمانیو دەستوریو لەو شێوانە بێت، ئۆپۆزسیۆنێك هەبێت لە بەرامبەر حیزبێکی چەکداردا و لە حاڵەتی گەشەکردنیدا بەری لێ دەگرن. ساڵی 2000 لەلایەن یەکێتیەوە هێرش کرایە سەرمان بارەگاکانمان بە زەبری چەك پێ لابرا مەنعی فەعالیەت و چالاکی ئێمەیان لە کوردستان بە زەبری چەك کردووە و نەیانهێشتوە کە ئۆپۆزسیۆن هەبێ و ئازادی چالاکی هەبێ لە کوردستاندا. بەشێکی کێشەمان لە 13 ساڵی ڕابردوودا هەر لەسەر ئەوەیە کە ئێمە وەك ئۆپۆزسیۆنی ئەو حزبانە خۆمان پێناس کردوە و ئەوانیش ئەم سەرەتاییترین بنەمای کۆمەڵگای مەدەنیە کە وجودی ئەحزابی جیاواز و ناکۆك بەیەکەیە پێیان قبول نەکراوە و جگە لەوەی دەسەلاتیان بۆ خۆیان پاوان کردوە بەلام مافی ئۆپۆزسیۆن بونیان بەئێمە ڕەوا نەبینیوە . کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنییە ناسیۆنالیزم وەك بزوتنەوەیەکی دەسەڵاتدار هاتووە لە کۆنەوە ڕیشەی هەبوە بەڵام لەم دەورە نوێیەی دوای ڕاپەرینی 1991ەوە بەرامبەرێکی هەبووە، کۆمۆنیزم هەبووە،ناڕەزایەتی خەڵك هەبووە، ئەم ئۆپۆزسیۆنە هەیە. بەڵام

هەروەك ووتم ئەبێ ئەو تایبەتمەندی ئەم واقعیەتە سەیرکەین کە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا هەیەتی و مانایەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لەو ئۆپۆزسیۆنە نییە کە بۆنمونە کەلە ئەوروپادا هەیەو بەرنامەی هەیە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات بەشێوەیەکی تەداولی سلمیانە و سیستمی حوکمڕانی بەم شێوەیە نیە . ئەبێت تۆش هێزێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی وابیت بتوانی ئەم هێزە لە مەیدان دەرکەیت بۆ ئەوەی بتوانی دەسەڵات وەرگری.

پ. یانی ئاشتیانە نا؟ بەڵام ئەو حیزبانەی تریش بەشداریان لە حکومەت شەرعیەتیان داوە بە دەسەڵاتی ئەوان . وە ئایا ئەوە هۆکاریش نییە کە لەنێوان ئەو حیزبانەدا ئۆپۆزسیون دروست ببێ؟

و. سیستمی حوکمڕانی و ئاڵوگۆڕی دەسەلاتەکەی وایە .مەسەلەکەش ئەوەیە کە لێرە ئازادی سیاسی نیە، لە کوردستاندا ئازادی سیاسی نییە، بۆ نمونە وەرە سەریری هەموو ئەو کارانە بکە تەنانەت بەرامبەر بە یەکتریش هەردوو حزبی دەسەلاتدار کردویانە، قبوڵکردنی ئازادی سیاسی بۆ چالاکی یەکتر نییە جارێك کە ڕێك نەکەوتن لە 1994 دا شەریان دروستکرد، شەری دەسەڵات، لە کاتێکدا کە تۆ بتەوێ کێشەی دەسەڵات لە وڵاتێکدا حەل بکرێ لە بەینی دووحیزبدا کە هەردووکیان دەیانەوێ دەسەڵات بگرنە دەست بە شکڵی هەڵبژاردن و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك و ئەو پرۆسەیە دەبێ کە پێی دەڵێن پرۆسەی دیموکراسی بەو شکڵە ئەبێ. بەڵام ئەوان چۆن بەرامبەر بە یەکتری ئەم پرۆسەیەیان ڕەچاو نەکردووە ،بەرامەبەر بە نەیارەکانیانیشیان، بەرامبەر بە ئەوانەی ئۆپۆزسیونیانن، ئەوانەی مخالفی سیاسی ئەوانن هەر بەو شکڵە بەشکڵی شەڕو ئەوانە بەریان پێ گرتوون . بۆیە نەبوونی ئازادی سیاسی وایکردووە کەئەم ئۆپۆزسیۆنە نەتوانێ لەو قاڵبەی کە پێویستە دەرکەوێ، ئۆپۆزسیۆنەکە هەیە، ناڕەزایەتی جەماوەریش هەیە بەس ئەم ئازادییە نەبووە. بۆنمونە تۆ لە کەلارێکدا خەڵك هەڵ دەستێ داوای ئاو و کارەبا دەکاو دژی گەندەڵی خۆپیشاندان ئەکات تەقەی لێدەکەن، لە هەڵەبجە خەڵك شەهید ئەکەن، لە هەولێر کەمالی سەید قادر قسە ئەکات سی ساڵ حوکمی ئەیەن. یانی تۆ ئازادی سیاسیت نییە. بۆیە ئۆپۆزسیۆنێك ناتوانێ بەرامبەر بەم دوو دەسەڵاتە دروست ببێ. لایەنێکی تر ئەوەیە کە بۆنمونە دەڵێن دیموکراسی نییە،وە دەڵێن ئەمە هۆکەیەتی. خۆی ئەو نەتیجەکەیەتی، بەڵکو لەبەرئەویە کە دەسەڵاتێکی میلیشیایی هەیە، کە تاك حیزبیو حیزبێکی چەکدار شوێنێك کۆنترۆڵ ئەکات و ئیدارەی خۆی دائەنێو بەزۆر فەرزی ئەکاتو ناهێڵێ موخالیفەکانی بن. بۆنمونە تۆ نازانی ئەم دەسەڵاتە، ئەم حیزبانە، 15 ساڵە حاکمن لە کوردستان ، ئەمانە کەی لائەچن جێگای خۆیان ئەدەن بە حیزبێ کەئۆپۆزسیۆنە و بەرنامەی خۆی هەیە. سەرەرای ئەمە یەکیتی وپارتی داهاتو سەروەتو سامانی کوردستانو ڕاگەیاندنو هەموو شتێکیان کۆنترۆڵ کردووە. بۆیە هەر لایەنێك کە تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیش بوبێت دیسانەوە لەژێر هەموو ئەم فشارانەدا چۆن دەتوانێ ئەم دەنگەی خۆی فراوانتر بکاتو بیگەیێنێت بە خەڵك؟ ئەم حزبانە بەشێکیان لە ژێر ئەم فشارانەدا چونەتە ناو حکومەتی یەکیتی وپارتی . بۆنمونەتۆ سیستمێکی حوکمڕانیت هەیە کە هەموو ئەوانەی کردوتە پاشکۆی خۆی. ئەحزابی بچوك هەموو لەبارەی مالییەوە بێت لەبارەی سیاسیەوە بێ، ئەوانە پاشکۆی ئەون، بەکورسییەك ڕازی ئەبێ بەڵام ئەگەر لیبراڵ دیموکراتی بەریتانیا سەیرکەیت ، ئومێدی ئەوەی هەیە ببێ بە حیزبی دەسەڵات لەبەرئەوە سیستمەکە سیستمێکی پلورالیزمەو ئەویش ئەو ئیمکانیاتانەی کە ئەو دەوڵەتە هەیەتی هەمووی لەژێر دەستی یەك حیزبدا کۆ نەبووەتەوە تا بەردەوام ئەمیش چاوی لەدەستی بێت. بەڵام ئەم حیزبە بچوکانە لەبەرئەوە کە ئەم سیستم و ئەم قانونە نییە ئەمانە بپارێزێ، بۆیە نەیانتوانیوە لە ڕێگەی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە بگەنە دەسەڵات و ئەمەش وایکردووە پایەی جەماوەری ئەوتۆشیان نەبێ. چونکە لەبارەی سیاسیەوە ئیختلافێکی زۆریان لەگەڵ یەکێتیو پارتی نییە لەبەرنامەیاندا، لەستراتیژیاندا. لەوانەیە لە مەسایلی

وەك ڕەخنە کە لەناو هەموو ئەحزابێك هەیە لەوەی کە کورسی کەمتریان داونەتێ یان ناڕەزایەتیان بەرامبەر ئەوە هەبووبێ.

دەبێ سیستمی حوکڕانییەکەی بگۆڕێ تا بتوانێ بەڕاستی ئۆپۆزسیۆن بەم شکڵەی کە دەمانەوێ دروست ببێ.

پ. یانی ئێوە پێتان وایە کە کێشەکە کێشەی پارتیو یەکێتییە کەئۆپۆزسیۆن دروست نابێ؟ یان کێشەکە ئەوەیە فەزایەکی کۆمەڵایەتی هەیە کە ئەمە دروست نابێ؟

و. یەکێتیو پارتی سیستمێکی حوکمڕانیان هەیە کە ڕێگە بەئۆپۆزسیۆن نادات، یان دروست بوونیئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز نادات. نمونەکانیشم هێنایەوە، یانی لە 91 وە وا نەبووە کە لە کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن نەبێت. هەر لە یەکەم دەقەوە پێش ئەوەی ئەوان بێنە ناو شاری سلێمانیو هەولێرو کەرکوكو ئەوانەوە بزوتنەوەی شورایی هەبووە. بەڵام بۆنمونە ئێمە لە (16)مانگدا گەورەترین خۆپیشاندانمان لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی، بزوتنەوەی شورایی لە یادی هەڵەبجەدا، (17)ی مانگ یەکێتی لە ڕادیۆکەیەوە هەڕەشەی لە شورا کرد. ئەگەر کێشەکە فەزای کۆمەڵاتیش بێت ئەوا لە پرۆسەی سەپاندنی دەسەلاتی چەکدارانەی ئەم حزبانەدا ئەم فەزایە دروست بوە و ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی جەماوەر پیشیلکراوە کە ناڕەزایی بۆ خواستەکانی خۆی دەربڕێ وە 100٪ ی ئەم سیستمە ناهێڵێ ڕێگە بە ئۆپۆزسیۆنێك بدرێ کە ئازادانە بتوانێ ڕەخنە بگرێ، حساب و کتاب هەبێ لەسەر حکومەت و داهاتەکەی ڕێگە بەدرەست بوونی ئەم فەزا کۆمەڵایەتیە بۆ دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن نادات.

پ. بەڵام چ پارتی و چ یەکێتیش ئەڵێن ئێمە ئامادەین دەسەلات بەجێ بێڵین بۆ هەر هێزێك کە لە ئێمە باشتر بێت لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە؟ یانی تۆ لەگەڵ ئەم قسەیەدایت؟ مەبەستم ئەوەیە ئەکرێ هێزێك دروست ببێ بەبێ شەڕو کوشتار یان لە ڕێگەیەکی ئاشتیانەوە بێتە سەر دەسەلات؟

و. من ئەڵێم هەر تەجرەبەی ئەم ماوەیەی کە تیایدا چ یەکێتی و چ پارتیش کە ئەم بانگەشانەیان کردووە، وەك ئەوەی کە نمونەکانیم باسکرد خەڵك نەك داوای دەسەلاتی کردبێ، باشە داوای ئاو و کارەبا دەکات لەوە ئاسانتر چییە؟ کە دوای 15ساڵ تۆ نەتوانی ئاو و کارەبا دابین کەیت. یانی لەوانەیە نادر بێت لە مێژوودا کە دوای 15ساڵ حکومەتێك هەبێت هێشتا ئاو و کارەبای نەبێت! هێشتاش نەتوانێ سەرەتایترین شتی خەڵك دابین بکات. کاتێ تۆ داوای ئاو و کارەبا دەکیت نەك بەدیلی دەسەلات، تەقەت لێ بکات بتکوژێ و لەسەر قسەیەك بۆنمونە لەسەر بارزانی بنوسە سی ساڵ حوکمت بداو لەسەر حیزبێك کە ئەیەوێ چالاکی سیاسی بکات بۆ 13 ساڵ ئەچێ ئەوان ڕێگەیان نەداوە و مۆڵەتیان نەداوەتێ، تۆ پێتوایە ئەمە واقیعیەت و ڕاستی تیایە کە دەتوانی و ڕێگەدەت پێدەدەن لەسەر ئەوەی کە تۆ هەموو سیستمەکە بگۆڕی ؟ بۆنمونە کۆنترۆڵی داهات و سەرەوەت و سامان بدەیتەوە دەست خەڵك، چاودێری خەڵك بەسەر بۆ نمونە لە هەر مەعمەلێکدا یان لە هەر دائیرەیەکدا بێ یا لەهەر گەڕەکێکدا ببێ ،نوێنەری خەڵك هەبێ ،شورای خەڵك هەبێ وچاودێری بکات بەسەریدا. ئێمە لە ناڕەزایەتییەکانی پار مانگی نۆ و دە دا لە دژی گەندەڵی بە شارەوانی سلێمانی و پارێزگای سلێمانیمان وتمان وەرن یەك پەڕەمان لەگەڵ ئیمزا بکەن کە ئێوە ئەو شتانە جێبەجێ ئەکەن کە ئەڵێن ئاو و کارەباو شتەکانی تر لەماوەی ئەوەندەدا چاك ئەبێت بە ڕەقەم پێمان بڵێن ئەیکەن وە ڕێگەش بەن کە لە هەر شوێنێك هەیئەتێك لەخەڵك دەستەیەك لە خەڵك چاودێر بن بەسەر ئەم ئیتفاقەوە. ئینجا وتیان ئەوە بەشکردنی دەسەلاتە لەگەڵ ئێوە، ئێمە چۆن ئەم کارە ئەکەین. مەبەستم ئەوەیە ئەوان بەهیچ جۆرێك ڕێگە بە بەدیلێك نایەن بەرامبەر بە

خۆیان، جا تۆ سەیرکە لە ئاست شارەوانیەکدا ئاوایە لەئاستی مەعمەلێکدا نایەوێ دەستەیەك لە دەرەوەی سەندیکاکەی خۆی یان لە دەرەوەی ئەنجومەنەکەی خۆی دروست ببێ کە چاودێری کارێك بکات کە خەڵك پێویستیەتیو ئێستا چۆن لە ئاستی ولأتێکدا ئاوا دەسەلأت دەدەنە دەست هەر حیزبێکی تر ئەگەر بیەوەێ بۆنمونە بەرنامەی باشتری هەبێت بۆ ئەوەی کە کوردستان سەربەخۆ بکاتئازادی سیاسی تیا بەرقەرار بکات ، وەزعی خەڵك چاك بکات، بتوانێ ئەم گەندەڵیە نەهێڵێ. من پێم وا نییە ئەوە تەجروبەی 15 ساڵی حوکمی ئەوان بووە تەنانەت بە هاوبەشیش ناتوانن یەکێکیان واز لە دەسەلأت بێنێ و بیداتە دەست ئەویتریان بلێ لەبەرئەوەی تۆ لەم هەڵبژاردنەدا زیاترت هێناوە.

پ. پێت وایە لەبەرئەوەیە کە یەکێکیان چووە سەر دەسەلأت هەولٚ ئەدات هەموو شتێك بەکار بێنێت بەئەوەی هەتاهەتایە لەسەر دەسەلأت بیٚ؟

و. هەروایە، حکومەتی یەکگرتووی ئێستاشیان وایە، شتێکی کاتیە لەبەرئەوەی کە بەڕووکەش لە عێراقدا لەسەری ڕێکەوتوون. ئەگەر ئەم وەزعە لە عێراقدا تێك بچێ ئەم ڕێکەوتنەش زۆر زوو تێك ئەچێ. تەنانەت ئەگەر ئەوزاعی ناو یەکێتی ئەگەر تێك بچێ ئەم ڕێکەوتنەیان لەوانەیە بە نەوعی تری لێ بێت بۆیە هیچ شتێك نییە پیچەوانەی ئەمە نیشان بدات. لە سیستمێکی جێکەوتووی دیموکراسی یان انتیخابی یاخود پەرلەمانیدادنیشتوی وە هەر حیزبە بەپێی بەرنامەی خۆی بەپێی کۆکردنەوەی خەڵکی خۆی، بەپێی نقوزی سیاسی خۆی لە ولأتدا دەتوانێ لە بەرلەماندا ەەنگی زیاتر بێنێ و خەڵك توندوتۆڵکات و دەسەلأت وەربگرێ. ئەم سیستمە لێرە نییە.

پ. یانی یەکێتیو پارتی بە ئارەزووی خۆیان فشار دەخەنە سەر هەندێ هێزو ئازادیش دەدەنە هەندێکی تر؟

و. بەڵێ، ئەوان دەورانێك ڕێگەیان لە ئیسلامییەکانیش وەك ئۆپۆزسیۆن گرت. دەورانی شەڕی ناوخۆ ئیسلامییەکان توانیان فشاری ئێران و سعودیەو کوێوکوێ، مەجال بکەنەوە بتوانن بیانکەن بەبەشێك لە دەوڵەت و بودجەشیان بۆ سەرف کردن و هەر ئەوانەش بوون بەشێکیان انصار ئیسلام بوون و بەشێکیان ئەو تیرۆرستانە بوون کە تائێستاش خۆیان بەدەستیانەوە ئەناڵێنن. خۆی بەپیٚی فشار ئەم دوو حیزبە مامەڵەیان کردوە نەك لەسەر پرەنسیپی ئازادی، بەپێی ئەو فشارەی لەسەریان بووە ئەوان ڕێگەیانداوە پێیان و شەریکیان کردوون لە دەسەلأت و لەو کارانەدا.

ئێستاش واقیعەکە بەو جۆرەیە کە بزوتنەوەیەکی سیاسیو جەماوەری ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا هەیە لە دژی سیاسەتەکانیانی یەکێتی وپارتیە ، بۆنمونە لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان ، ئەمان هەر داوای فیدراڵیو گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکەن و خەڵك داوای سەربەخۆییو ڕزگار بوونی لەم کێشەیە ئەکات. لەسەر پرسی دەستورەکە بینیمان لەوانەیە 50٪ ی خەڵکی کوردستان دەنگی نەدا بەو دەستورەو لە ڕیفراندۆمدا بەشداری نەکرد. ئەمە خۆی بۆ خۆی ئۆپۆزسیۆنێکی جەماوەرییە بیبینن خەڵك ئەزانێ، بۆنمونە دەستورێك کە خەڵکی کورد ئەکات بە پلە دوو و هیچ مافێکی ناداتێ دوای ئەو هەموو تەجرەبەیە، یان ئیسلام ئەکات بە قانونی ئەساسی دەوڵەت و مافی ژنان پێشێل ئەکات. هەموو ئەو شتانە خەڵك ئەبینێتەوە بۆیە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی بەرامبەر بە ئەم دوو دەسەلأتەو سیاسەتەکانیان هەیە ،ئۆپۆزسیۆنێکی جەماوەریش هەیە کە ئێمە ڕۆژانە ئەیبینین وەك لە کەلار و هەلەبجەو ..هتد.ئەم ئۆپۆزسیۆنە لەلایەن دەسەلاتدارانەوە فشاری بەردەوامیان لەسەرە و ئازادی خۆپیشاندەران بەردەوام پیشیل دەکرێ.

پ. ناڕەزاییەك لە ئاستی گشتی دا هەیە، ئایا هێزی لایەنێك هەیە هەستێت بە ستماتیك کردنی و ڕێکخستنی ئەم ناڕەزاییانە؟ و لە حاڵەتی ناڕەزاییەوە بیکاتە بزوتنەوە یا ڕێکخراوێکی پتەوی ئۆپۆزسیۆن؟
و. ئێمە ، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ، وەك لایەنە سیاسیەکە ئەم هێزەین کە دەمانەوێ ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر یەکێتی و پارتیدا دروست بێت وە جەخت بکاتەوە سەر ئازادی کاری سیاسی . بۆیە تۆ ئەگەر بتەوێ هێزێکی چالاکی سیاسی دروست ببێ، بە بێ هەبوونی ئازادی سیاسی ئەمە نایەتە دی .پێویستە کەشێکی ئازاد هەبێت تا خەڵك قسەی تیا بکات ،ترسی ئەوەی نەبێ تەقەی لێ بکرێ ،ئەمانە بە ڕەسمی بناسرێن و بێتە قانون. بەشێکی دیکەی کاری ئێمە ئەوەیە بتوانی ئەو لایەنانەی چالاکی دژی گەندەڵین کۆیان کەیتەوە ،ئەو گەندەڵیەی باسی دەکەن لە ئیدارەو لە دەسەلآتدا .ئەگەر لە شێوەیەکی هێزێکی جەماوەریدا بتوانی ئەو هێزانە کۆ کەیتەوە و بێن کاری جدی بکەن بۆ بەدەست هێنانی ئازادی سیاسیو نەهێشتنی گەندەڵی ،لێرەوە تۆ دەتوانی بڵێیت ئۆپۆزسیۆنێکی فەعال دروست بووە. ئێمە هەوڵمانداوە ئەو کاتەی کە ناڕەزایەتیەکانی خەڵك لە زۆربەی شارەکاندا گەرم بوو ، هەوڵماندا ناوەندی هاوبەش دروست بێت لەنێوان هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا. ئێمە هەوڵەکانمان بەردەوامە بەلآم هێشتا قۆناغی دیکەی دەوێ لە کارکردن و ئیشکردن لەسەر هەموو ئەم لایەنانەی هاوڕان لەسەر ئەو پلاتفۆرمەی کە لەسەرەوە باسم کرد تا بتوانی هەم ئەم هێزە جەماوەرییە کۆ بکەیتەوە و داخوازی سیاسی هەبێ بۆئەوەی وەکو ئۆپۆزسیۆنێك بتوانێ ڕەسمیەتی پێ بدرێ ،وە هەم وەکو ئەوەشی کە بتوانێ ئەم خواستانەی کە ئێستا خەڵك هەیەتی دژی گەندەڵی و ئەوانە بتوانێ جێبەجێ بکەیت. من پێم وایە گرنگترین شت لەم قۆناغە ئەوەیە کە بتوانی بەڕاستی ئەم هێزە بەرامبەر بە یەکێتی و پارتی یان حکومەتی یەکگرتوو وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن خۆی نیشان بدات.
پ. پێشتر هەندێ هەواڵ بلأو بووەوە لەسەر ئەوەی کە گوایە ئێوە و هەندێ لایەنی تر وەك پارتی چارەسەری، کۆبوونەتەوە بۆ ئەوە بەرەیەکی شێوە ئۆپۆزسیۆن پێپێك بێنن، ئەمە تاچەند وایە؟
و. خۆی کۆبوونەوەی لەو چەشنە نەکراوە، کە ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانە لەسەر بەرەی هاوبەش کۆبوبینەوە، بەلآم فیکرەی ئەو بەرەی ئۆپۆزسیۆنەی کە باستکرد ئەکرێ هەموو لایەنێکی تیابێت ئەوانەی کە لەگەڵ ئەم پلاتفۆرمی ئازادی ئازادیو دژی گەندەڵی و ئەوانەدا دێنەوە و خوازیاری باشکردنی وەزعی خەڵکن. بەلآم بەڕاستیئۆپۆزسیۆنێك بێت کە ئەم داخوازیانە لە خۆی کۆ بکاتەوە بۆ جێبەجێکردنی، باشتر وایە لەپێشدا لە کۆمەڵگادا ئەم حەرەکەتە بکەوێتە ڕێ، هەموو ئەو دەستەی داکۆکی ناڕەزایەتیانەی لە کوردستاندا هەن لە دەوری ئەم کۆ ببنەوە، هەموو ئەو حیزبانەی دیفاع لەم پلاتفۆرمە ئەکەن کۆ ببنەوە، ئەوکات ناوی لێ بنرێ، لەئەوەڵەوە لەوەی کە کۆمەڵێك حیزب کۆ ببنەوە و بڵێن ئێمە ئۆپۆزسیۆنێکی وا دروست ئەکەین، ئێمە ئەو فیکرەیەمان زۆر پێ گرنگ نییە. ئەبێت ئەم حەرەکەتە جەماوەرییەی کە هەیە ئەوەی کە پێی ئەڵێن ئۆپۆزسیۆنی جەماوەری لەسەر ئەمە کار بکەن.
پ. یانی وەك فشارێکی سیاسی نەبێت بەڵکو وەك شتێکی جەماوەریی بێت؟
و. ئەشکرێ کۆبوونەوەی سیاسی بکرێ، بەلآم ئێستا لەم حاڵەتەدا جارێك پێویستی بەوەیەکە ئەم کۆبوونەوەیە لەسەر چییە؟ لەسەر کۆمەڵێ خاڵی ڕۆشنە کە ئازادی سیاسی هەبێ لە کوردستاندا، ئەبێ گەندەڵی نەمێنێ، ئەبێ وەزعی خەڵك باشبکرێ، تەنانەت مەسەلەی سەربەخۆیی و ئەوانەش. ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆنێکی چالاك دروست کەی ئەبێ ئەم خالآنە ڕۆشن بێت کە لە پێناو چیدا کار ئەکات؟. ئێستا دەستەی جۆراوجۆر لە هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان هەیە. ئەم ناڕەزایەتیانە کۆمەڵێك گەنج و لاووکەسانی

ڕۆشنفکری وەك مامۆستایان و خوێندکاران پێکهاتوون. تۆ ئەبێ ئەم هێزە جەماوەریە بێنی و ئەو داواکاریە ڕۆشنانەی هەبێ و ناوەندی هاوبەش و ریکخراوی بکەی و بیکەیتە هیزیکی ئۆپۆزسیۆنی فیعلی وکاریگەر و دەور و جیگای حزب و لایەنەکان لەگەڵ ئەم حەرەکەتەدا دیاری بکەی نەك هەر ئەوەی کە چوار لایەن دانیشن لەسەر مێزێ.

پ. ئەکرێ ئەم ناڕەزایەتییەی خەڵك لە دەرەوەی ئەو حیزبانەی کە ئێستا هەبوون تەحقیقە ببێ، مەبەستم ئەوەیە لەشێوەی ڕێکخراوێکی نوێدا؟

و. من بەپێی تەجروبەی خۆم لەگەڵ ئەو دەستانەدا، تۆ ناتوانی بڵێی ئەمانە جیگای حزب دەگرنەوە. بۆنمونە ئەو دەستانە ئامانجێکی دیاریکراویان هەیە، حیزب ئامانجێکی تری هەیە، ئەوان بۆ کارێکی تایبەت بۆنمونە لە دژی گەندەڵی ئەیانەوێ چالاکیەك بکەن، ئەو کەسانە لەدەوری ئەم ئامانجە کۆ دەبنەوە، یان دەیانەوێ ئازادی سیاسی لە کوردستاندا بەرقەراربێ، لەدەوری ئەمانە کۆ ئەبنەوە، دەستە و کۆمەڵەیان پیکهێناوە و کاری ئێمەش بۆ ئەوەبوە کە لە ناوەندی هاوبەش یان فدراسیۆنیکدا بۆ رابەری و یەکگرتوکردن و سەراسەری کردنەوەی ئەم نارەزایەتیانە و بەسەرکەوتن گەیاندنیان کۆیان بکەینەوە بەڵام نایانەوێ بۆنمونە ئێستا حیزبێکی سیاسی جیاواز لەم حیزبانەی ئێستا کە هەیە لە یەکێتیو پارتیو لە حیزبەکانی تر دروست بکەن. حیزبی سیاسیەکانیش کە بەشدارن لەم حەرەکەتانەدا هەریەکەیان کارنامەی سیاسیو وەسایلی خۆی هەیە و کاریگەری لەسەر حەرەکەتی ناڕەزایی هەیە لە کوردستاندا. بەڵام ئەم حیزبانە ئەوانەی کە لایەنگری ئازادین، ئەوانەی کە دیفاع لە حوکمی بێستەم ئەکەن، لە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش داوای ڕفاهیەت و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك دەکەن ئەم حیزبانە ئەتوانن لە حەرەکەتێکی ئۆپۆزسیۆنیدا لەبەرامبەر یەکێتیو پارتیدا کاری هاوبەش بکەن.

پ. لە کوردستان هەندێ حیزب مشارەکەیان پێدەکرێ ، هەندێکیش خۆیان دەیکەن. لە پاڵ ئەمەشدا هەندێکی تر هەن هەر مۆڵەتی یاسایشیان پێنادرێ، بۆنمونە پارتی چارەسەریو شێوەی حیزبی کۆمۆنیست. ئایا ئەم کێشەیە لای ئێوەیە مەبەستم ئەوەیە ئێوە تا ئێستاداوای مۆڵتتان کردووە؟

و. ئێمە پێشتر چەندجار لەگەڵ هەردوو لایاندا باسی ئیجازەمان کرووە،زۆرجار ڕادیۆمان هەبووە، هێزی چەکدارمان هەبووە، بەڵام ئیجازەشیان نەیاوینەتێ. یانی چۆن حکومەتەکەیان دیفاکتۆ بووە ئەمە حکومەتێکی نۆرماڵ نییە بڵێی تۆ بڕۆی هەموو شتێکی لێ داوا بکەیتو جوابتان باتەوە. بەپێی حوکمی دەسەڵاتەکەی خۆیو هێزی تۆ جوابت ئەداتەوە. یجازەکەی ئێمەش ئاوا بووە ئێستا لە هەولێر مقەڕیشمان هەیەو ئیجازەشمان نییە، ئێمە ئیجازە وەرگرتن و داواکردنی ئیجازە وا دەبینین کە شتێکە پێویستە بە هەموو حیزبێك بدرێ، ئەبێ ئەم ئازادیە بۆ هەموو حیزبێ بەڕەسمی بناسرێ. ئیستا بۆ جاریکی تر داوای مۆڵەتی حزبمان کردوە.

پ.یانی تۆ پێتوایە ئەم ڕێکەوتنەوەیە هیچ کاریگەری نابێت لەسەر وەزعی ئۆپۆزسیۆن ؟ مەبەستم ئەوەیە کە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی خۆت وتت لاوازە، بەهێزتر ناکات؟

و. من پیم وانیە کە گایگەریەکی سەرەکی لەسەر ئەمە دابنێ، بۆ ئەمە دەبێ قانونێکی نوێ بێنن و قانونەکانی بەعس هەڵوەشێننەوە، ئەو قانونانەی کە هەبوون بۆ ئازادی و بۆ چاپەمەنی و ..هتد هەڵوەشێننەوە. تەنانەت قانونەکەی (93)ی خۆشیان هەڵوەشێننەوە، قانونێکی باشتر دابنێن ئەگینا نە کە ئەوەی لە (93)ەوە تا ئێستا کردوویانە، ڕێیان بە ئەحزاب نەیاوە لە ئەحزابیان داوە ، سەرکوتی ئازادیان کردووە ، پێشێلکاریان کردووە، بەڵام ئێستا ئەتوانن باشتری بکەین، تەجروبەیەکی وانییە لەگەڵ ئەمانەدا. تەنانەت لەبەرئەوەشی کە ئایندەی

دەسەڵاتدارێتی چۆنە لەگەڵ عێراقدا چی لێدێت؟ بەرەو کوێ ئەڕوات؟ ئەمانە هیچی جێگیر نین. بۆیە ناتوانم بڵێم لە کوردستاندا دەسەڵاتێك دروست ئەبێت کە هەموو کێشەکانی کوردستان حەل ئەکات. جگە لەوە لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن پێم وایە یەك هەڵوێست هەیە لە هەردوولا. بەڵام لە ناوچەی یەکێتیدا خەڵك زیاتر ناڕەزایی دەرئەبڕێ، ئامادەیی زیاترە، فشاری جەماوەریی زیاترە، دەسەڵاتەکەش ئەمە تیایدا ڕەنگ ئەداتەوە. تەنانەت جەوی ناڕەزایەتی و ئۆپۆزسیۆن لێرە دوای ئەم یەککگرتنەوەیە کاریگەری لەسەر پارتی دائەنێ. بەڵام پێموانیە لە هەڵوێستی هەردوو حیزبەکە بۆ یەککگرتنەوە لەسەر ئەوە بێت کە کوردستان بکەیت بە شوێنێك کە سەربەخۆیی، ئازادی، خۆشگوزەران بێت. بەرنامەیەکی لەم بابەتە ببێتە هۆی ئازادی و ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی . هەر لەم کاتانەشدا بوو کە ئەم شتانە ڕوویاندا، تەقەکردن لەخەلك، سەرکوتکردنی خەڵ و پێشێلکاریەکان . هەرئەوەی کەشتێك لەسەریان ئەنوسێ کە مەسئولەکانی ئێمە وەکو فیرعەوەکانیان لێهاتووە،نوسەرەکە دەدرێتە دادگا لەسەری.

پ. یانی ئۆپۆزسیۆن مەودای ئازادی فراوانتر دەکات؟

و. بەشێکی وایە، تاچەند ئۆپۆزسیۆن ڕێگەی پێدرابێ بۆ ئازادی، تاچەند بۆنمونە یاساکانی ئەو شوێنە یاساکانیئازادی ڕەچاو بکات و لەسەر بنەمای ئەوە بێت. سیستەمەکە ئەبێت ئەوە بێت بێجگە لە قانونەکە، بێجگە لە ئۆپۆزسیۆن بوون، سیسمتی حوکمڕانی لەوێدا ئەوەبێت کە خەڵك بتوانێت و ئەحزابەکان ئازادانە تداولی سولتەی تیا بکات. بتوانن ئازادانە بەشداری بکەن لە بڕیارەکاندا، وە خەڵك بتوانێ مەسئولین لابەرێت ، خەڵك بتوانێ چاودێری و کۆنترۆڵی هەبێت بەسەر ئیدارەی کۆمەڵگادا.

ئێمە بەدیلی خۆمان هەیە بۆ دەسەڵات وەك حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق سیستمێکی شوراییە کە زۆر سیستمێکی زۆر ئازادانەترە لە دیموکراسی بۆ خۆدەربرینی ئۆپۆزسیۆن . من خۆم لەسەر پۆلەتیك خوێندومە لەسەر دیموکراسی و لەسەر پلورالیزم و تعددی و ئەمانە لە قسەکانی دیموکراسی ڕاستەقینەدا چەند سیستمێکی کەموکورتە بەبەراورد لەگەڵ ئازادی راستەقینەدا . دیموکراسی بەتەنیا تەداولی سوڵتەو ئینتخابات و ئەم شتانە نییە. بەڵام تەنانەت ئەو نموزەجەی دیموکراسیش کە بتوانێ لێرە بەرقەراربێ. هێشتا محدودیاتی خۆی هەیە، هێشتا داهاتەکان لەبن دەستی خەڵکدا نییە ، هێشتا ئەوەی کە ئازادی بێقەیدوشەرت لە هەموو بوارەکاندا نییە .بەلام ئێمە بەو کەموکورتیەشیەوە دیموکراسیمان لای خۆمان نەبینیوە. ئەو دیموکراسییەی لای ئێمە هەر نییە . ئەزموونی (15)ساڵی ڕابردوو هیچ کات ناتوانێ پێی بڵێ ئەزموونی دیموکراسی، ئەتوانێ پێی بڵێ ئەزموونی حزبێکی دەسەلات کە حیزبێکی چەکدارە وە چۆن کۆنترۆڵی شوێنەکان ئەکات. ئەوەی ئێستا بۆ کوردستان پێویستە دەسەڵاتێکی مەدەنییە کە خەڵك بتوانێ بەشداری هەڵبژاردنی ئازاد بکا، تەداولی سوڵتەی تیا بکرێ، بتوانێت کە خەڵك چاودێر بێت بەسەر دەسەڵاتەوە، ئەمە لەناو ئەم سیستەمی حکومرانیە نامەدەنیەی ئیستاوە ناکرێ ،بۆ نمونە کە ئێستا کە کابینەی پێنج دروست بووە ، تۆ گەر بتەوێ چاودێریەك دروست بکەیت لەناو ئەم کابینەیەدا ، بەسەر دەسەڵاتەکە خۆیەوە ئیمکانی نییە. دەبێ سیستەمی چادویری و چاکسازی لەدەرەوەی دەسەلات دروست ببێ ، سیستمی قەزایی ودادگای سەربەخۆ دروست ببێ، دەسەلاتەکان جیابکریتەوە .بەکورتی سیستمەکە بگۆڕێ.

پ. بەڵام یەکێتی و پارتی لە ڕێگەی دەنگی خەڵکەوە چوونەتە سەر دەسەڵات، تۆ لەم بارەیەوە چی ئەڵێیت؟

و. خۆی ئەبێ سەیری هەموو تەجروبەی (15)ساڵەکە بکەیت،ئەو کاتە بزانی ئایا بەڕاستی ئازادییەك لە کوردستاندا هەبووە، تا خەڵك هەڵبژاردنێکی ئازادانە بکات؟ ئەوان لە 1992 هەڵبژاردنێکیان کرد کە هەموو

خەڵك بەشداری تیا کردو بە جۆرێك کە جەوی سیاسی و نەتیجەکە لە قازانجی یەکێتیو پارتیدا بوو بەڵام فیفتیان نەکرد، دوای ئەوە کە لەسەر ئەمەش ڕێك نەکەوتن ئینجا فیفتی بەفیفتیان کرد، دوای ئەوەش کە لەسەر ئەمەش ڕێك نەکەوتن شەڕیان کرد. یانی تۆ لە 1994-1998 سەیرکە کوردستان لەشەری بەینی ئەم دوو هێزەدا بوو. نەك لە ئازادیدا بوبێ وە شەڕ کراوە لەگەڵ هەموو ئەو ئەحزابانەی کە موخالیفی ئەم دوو حیزبە بەن، ناوچەکان جیا کراونەتەوە. دوایش خەڵکیان لە چاوەڕوانی ئۆردوگایەکدا ڕاگرتبوو، واتە دەوڵەتێك نەبوو تا بڵێی ئەمە خەڵك تیا ئازادە.بەڵکو وەزعی خەڵك خراپ بوو، چارەنوسی کوردستان دیار نەبوو مەترسی بەعست لەسەر بوو . هەلبژاردنی ئازاد لەسایەی دەسەڵاتی میلیشیاییدا ئیمکانی نیە. هەلبژاردنی ئازاد هەر ئەو رۆژە نیە کە دەچی دەنگ دەدەیت بەلکو سەرجەم ئەو فەزا سیاسی و کۆمەلایەتیە گشتیەیە کە خەلك تیای دەژین و تیایدا بریاردەدەن. کاتیك ئەو فەزا ئازاد و ئاواڵەیە نەبێت تەنها وەرەقەی دەنگدان ناتوانیت بکەیتە پیوەری ئەوەی خەلك ئازادانە ئەم لایەنانەیان هەلبژاردوە. کوردستان بەبونی بەدەولەتی سەربەخۆ و بە دابین بونی ئازادیە سیاسیەکان و نەمانی دەسەلاتی میلیشیاکان دەتوانیت هەلبژاردنی ئازادانە ش تیدا بەرپابکرێ.